# حوكمی وتنی پیاو بە ژنەكەی: تۆ وەكو خوشكم وایت

[ kurdish – كوردی – كردي ]

## دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# حكم قول الزوج لزوجته: أنتِ مثل أختي

« باللغة الكردية »


فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2013 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی وتنی پیاو به ژنەكەی: تۆ وەكو خوشكم وایت

**پرسیار:** برایکی کورد لە ئەڵمانیاوە ئەم پرسیارەی ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کردوە ودەڵێت: پیاوێك بە ژنەکەی وتوە: تۆ وەکو خوشکم وایت، وە مەبەستی ئەوە نەبوە کەوا لە خۆی حەرام بکات ، وە ئایە دەتوانێت لە جیاتی خواردن پارە دەرکات یان نا؟

**وەڵام:** ئەمە بە گوێرەی نیەتی ئەو کەسە دەگۆڕێت، ئەگەر بە ژنەکەی ووتوە تۆ وەکو خوشکم وایت یان وەکو دایکم وایت بە مەبەست وشێوەی ڕێز و گەورەیی، ئەوە حەرام نیە وبەوە نابێتە ظیهار وهیچی لەسەر نیە، بەڵام باشتر وایە دوور بکەوێتەوە لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ووشانە.

وەئەگەر مەبەستی حەرام بوونیان بێت لەسەری، واتە حرامە لێی وەکو دایکی یان خوشکی یان کچی، ئەوە ظهارە، وە زانایان هەموو لەسەر حەرامێتی ظهار کردن ئیجماعیان هەیە، بۆیە نابێت کەس بەکاری بهێنێ بەپێی فەرمودەی خوای گەورە کە فەرمویەتی: ﴿ الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْكُمْ مِنْ نِسَائِهِمْ مَا هُنَّ

أُمَّهَاتِهِمْ ۖ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلَّا اللَّائِي وَلَدْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنْكَرًا مِنَ الْقَوْلِ وَزُورًا ۚ وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ ﴾ [المجادلة :٢ ] .

واتا: ئەوانەتان بەهاوسەران یان دە لێن: تۆ لە جێگەی دەیکمدایت، هاوسەرەکەیان بەو قسەیە نابنە دایکیان، چونکە دایکیان تەنها ئەوانەن کە ئەوان یان لێ بووە، ئەوانە قسەیەکی نابەجێ دەکەن وبوختانێکی ناپەسەند دە لێن، بێگومان خوا چاوپۆشی دەکات و لێخۆش دەبێت (ئەگەر ئەوانە پەشیمان ببنەوە و داوای لێخۆشبوون بکەن).

وە دەبێت کەفارەتی ظیهار بدات کە بریتیە لە: ئازادکردنی بەندەیەك، ئەگەر نەی بوو دوو مانگ بەڕۆژووبون لەسەریەك، ئەگەر نەیتوانی خواردن دانی جەمێك بە شەست هەژاری موسڵمان، بە پێی فەرمودەی خوای گەورە کە فەرمویەتی:

﴿وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا ۚ ذَٰلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ( 3 ) فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا ۖ فَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ۚ ذَٰلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ۚ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ ۗ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ [المجادلة :3 - 4] .

ئەوانەی ظیهار دەکەن لەگەڵ هاوسەرەکانیان لەپاشان دەگەڕێنەوە (پەشیمان دەبنەوە) لەوەی کە وتویانە (واتە خێرا تەڵاقیان نادەن) ئەوە پێویستە بەندەیەك ئازاد بکەن لە پێش ئەوەی بەیەك بگەن بەم کەفارەتەی (کە لەسەرتان پێویست کراوە) ئامۆژگاری دەکرێن پێ ی وە خوا شارەزایە بەوەی کە دەیکەن ( 3 ) ئینجا ئەگەر یەکێك (بەندەی) دەست نەکەوت ئەوە با دوو مانگ بەڕۆژوو بێت لەسەر یەك پێش ئەوەی بچنە لای یەك ئەگەر یەکێك نەیتوانی (دوو مانگ بە ڕۆژوو بێت) ئەوە با نانی شەست هەژار بدات ئەو (کەفارەتانە کە لەسەرتان پێویست کراوە) بۆ ئەوەیە باوەڕ بکەن بە خوا و پێغەمبەری خوا (مل کەچی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوابن) وە ئەوانە سنوورانی خوان وە بۆ بێ باوەڕان هەیە سزای سەخت.

وە دروست نیە پارە بداتە شەست هەژارەکە لە جیاتی خواردنەکە، وە نابێت بچێتە لای ژنەکەی هەتا کەفارەتی ظیهار نەدات، بە پێی فەرمودەی خوای گەورە کە فەرمویەتی: ﴿مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا﴾ واتا: پێش ئەوەی بچنە لای یەك.

وە وەك چۆن چونەلا حەرامە، ئاواش پێشەکیەکانی حەرام ئەبن، وەك ماچ کردن وباوەش پیاکردن وئەو جۆرە شتانە.

بەڵام هەندێ لە ئەهلی عیلم بۆ ئەوە چوون کە تەنها چوونەلا حەرامە، چونکە ئەو دەست لێدانەی کە لە ئایەتەکەدا هاتووە کینایەیە بۆ چوونەلا.

خوای گەورەش زاناترە .